وەرگێڕانی کتێب

# ڕەخنەگرتن لە گوتاری دینی



نووسینی : د. نەسرحامد ئەبو زەید
وەرگێڕانی : ئیسماعیل ڕاجی
- بەشی دەیەم -

دووەم/ چاڤگ‌و سەرەتاگە فیکریەکان:

-١فەرمانڕەوایەتی:-

بانگەوازی ئیسلام لەگەوهەرو کرۆکیدا بانگەوازێك بوو بۆ دامەزراندنی ئەقڵ لەبواری فیکرو، دادپەروەریش لەبواری ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش بەو پێیەی کە هەردووکیان دژی جەهل‌و ستەمن‌و، دوو پایەی واقیعین لەو کۆمەڵگە عەرەبیەدا کەیەکەمجار سرووش لەگەڵیدا ئاخافت‌و پەیڤی، هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد. گوتاری دینی لەمێژووی ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا – بەرەوت‌و ئاراستە جیاوازیەکانیەوە- ڕژد‌و بەپەرۆش بووە لەسەر ڕەتکردنەوەی هەر بەریەك کەوتنێك کە بشێ – بە حوکمی بزاوتی بەردەوامی مێژووو جێگیری‌و نەگۆڕیی دەقەکانەوە – لەنێوان سرووش‌و ئەقڵدا سەرهەڵبدات. تارادەیەکیش هەمووان لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە نەقڵ (گێڕانەوەو گەیاندن) بە ئەقڵ دەسەلمێنرێ‌و، پێچەوانەکەشی ڕاست نیە. ئەقڵ بنك‌و بنەڕەت‌و بنیچەو بنەمایە بۆ وەرگرتن‌و قبووڵکردنی سرووش، ئینجا لەدوای ئەمە ناتەبابییەکان لەسەر ئەوەبوون کە: ئەگەر ئەقڵ ڕۆڵی خۆی لەسەلماندنی نەقڵدا گێڕا، ئایا واز دەهێنێ؟؟ یان بەردەوام دەبێ لەسەر پراکتیزەکردنی کاریگەری‌و کارایی خۆی لە تێگەیشتن لەدەقەکان‌و ڕاڤەکردنیاندا ؟؟. بەڵام ئەم ناتەبایی‌و جیاوازیە وەك ناتەبایی‌و جیاوازیەکی تیۆری ماوەتەوەو، گوتاری دینیش بەردەوامە لەسەر پەرۆشی سەلماندنی (ڕێککەوتن‌و کۆکبوونی شتێکی ڕوون‌و ڕاشکاوی ماقوول بۆ شتێکی ساغ‌و دروستی نەقڵکراو)، هەروەك چۆن ئیبن تەیمیە کە شەرعزانێکی سوننە مەزهەبی ئسولی کۆنەپارێزە یەکێك لەکتێبە پڕبایەخەکانی بەم ناونیشانە داناوە.

زانایانی بواری زانستی بنەماکانی دین‌و شەرع لەدانان‌و دامەزراندنی کۆمەڵێك بنەمای گرنگی – وەك پێوانەو چاودێریکردن‌و بەتەنگەوەهاتنی مەبەست‌و مەرامەکان‌و بەرژەوەندیە بەردەستەکان – لەبواری چالاکی ئەقڵی مرۆڤ لە تێگەیشتن لە دەقەکان‌و ڕاڤەکردنیاندا بەشداریان کردووە. کەلتووری عەرەبی ئیسلامیش بەزیندوویی‌و چالاك ماوەتەوە، چونکە دامەزراندن‌و کارکردن بە ئەقڵ کاری بنەڕەتی ئەو بووەو لەبەرئەوەیش لەسەر (فرەیی – پلۆرالیزم)و (ئازادی فیکر) ماوەتەوە، لێ لەبەر هۆکارە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکان – لەڕەوەنی شیکردنەوەکەماندا ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین – زۆر درێژەی نەکێشاوەو بەردەوام نەبووە.

یەکەم هەوڵی پووچەڵکردنەوەی ئەقڵ لەسەر حیسابی دەق، بۆ ڕووداوی بەرزکردنەوەی قورئان بەسەر نووکی شمشێرەکانەوەو بانگەشەکردن بۆ (ناوبژیوانیکردنی کتێبی خوا)لەلایەن ئەمەویەکانەوە لەشەڕی (صفین)دا، دەگەڕێتەوە. ئەمەش هیچ جیاوازی‌و ناتەباییەکی لەسەر نیە بەوەی کە (تاکتیکێکی) ئایدیۆلۆژیانە بووو توانی بەناوی دەقەوە ڕیزەکانی هێزی نەیاران ببڕێ‌و جیاوازیان بخاتە نێوانەوەو شەڕو ململانێکەش لەبەرژەوەندی ئەمەویەکان کۆتایی پێ بهێنێت. تاکتیکی ناوبژیوانی کردن ناوەڕۆکی ئایدیۆلۆژیانەی خۆی ئاشکرا دەکات، ئەمەش لەکاتێکدا کە بزانین ململانێکە لەبوارە تایبەتیە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکەیەوە بەرەو بوارێکی دیکە گوازراوەتەوە کە بواری دین‌و دەقەکانە. (ئیمامی عەلی)یش دەرکی بەمە کردبوو، بۆیە بە پیاوەکانی گوتبوو: {ئەی بەندەکانی خوا، لەسەر ماف‌و هەق‌و ڕاستگۆیی خۆتان شەڕی دوژمنەکانتان بکەن، (موعاویە)و (عەمرو کوری عاس) – ناوی خەڵکانی دیکەش هێنابوو – خاوەنی دین‌و قورئان نین، من لەئێوە باشتریان دەناسم، بەمنداڵی‌و بەگەورەیی لەگەڵیاندا ژیاوم، ئەوان خراپترین منداڵ‌و خراپترین پیاوبوون، ئەوەی کە ئەوان بەسەر نووکی شمشێرەکانیانەوە بۆ ئێوەیان بەرزکردۆتەوە، بێجگە لە خاپاندن‌و فریودان‌و فێڵ‌و دەهۆو هەڵخلیسکاندنی ئێوە زیاتر، هیچ شتێکی دیکە نیە}.

کاتێکیش ململانێی کۆمەڵایەتی سیاسی لەبواری واقیعەوە بەرەو بواری دەقەکان وەردەچەرخێ، ئەقڵیش بۆ پاشکۆی دەق وەردەچەرخێ‌و هەموو ئەرکەکانیشی بۆ وەبەرهێنانی دەق یەکدەگرن، بۆ ئەوەی لەڕووی ئایدیۆلۆژیەوە پاساو بۆ واقیع بهێننەوە، ئەمەش بە پشتگیریکردنی ئەم واقیعە لەلایەن بیرمەندانی دەسەڵات‌و ئۆپۆزسیۆنەوە، وەکویەك، کۆتایی پێدێت. مادامەکێ ململانێکە بۆ ستێزو تۆبیکایەکی دینی سەبارەت بە ڕاڤەکردنی دەقەکان وەرچەرخاوە. سەرەڕای ئەمەش سپاردنی ناوبژیوانیکردن بە دەقەکان‌و کارکردن پێیان لەبواری ململانێی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی (شمولیەت) لەچالاکی‌و کارایی دەقەکاندا، ئەمەش ململانێکەی گەیاندۆتە ڕادەی هژموون لەگوتاری دینی دواتردا، هەروەك لە بنەمای (فەرمانڕەوایەتی)دا لەگوتاری هاوچەرخی دینییشدا بەدیاردەکەوێ.

ئەگەر پرینسیپی ناوبژیوانی کردن‌و بڕیاردان لەلایەن دەقەکانەوە ببێتە مایەی لەناوبردنی سەربەخۆیی ئەقڵ لەڕێی وەرچەرخاندنی ئەقڵ بۆ پاشکۆیەکی ژێرماڵەو مشەخۆر لەسەر دەقەکان‌و خۆپارێز لەپەنای دەقەکانەوەو، ئەوەی لەمێژووی ڕۆشنبیریی عەرەبی ئیسلامیدا ڕوویداوە، هەتا بەشێوەیەکی پلە بەپلە لەدوای سەردەمی (مەئموون) موعتەزیلە لەناوبراو، بەهەمان شێوەش ئەقڵی فەلسەفی لەبازنەیەکی تەسکدا گەمارۆدرا، پاشان (ئەبو حامد غەزالی) هات‌و گورزێکی کوشندەی ئاراستەی ئەقڵ کرد؛ بۆیە شتێکی سەیرو نامۆ نیە ئەو سەردەمەی کە گوتاری غەزالی بەخۆوە بینیوەو گوێی بۆ ڕادێراوە، بریتی بێ لەسەردەمی داڕووخانی سیاسی‌و لێکترازانی کۆمەڵایەتی‌و زاڵبوونی (عەسکەر) بەسەر کاروبارەکانی دەوڵەتدا، ئەمەش ئەو سەردەمەیە کە بەڕووخانی بەغداو لەناوبردنی شێوە هێماییە دوایینەکەی دەوڵەتی ئیسلامی کۆتایی هات.

گورزە کوشندەکەی غەزالی لە ئەقڵ، وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، لەگۆشەی لێکترازانی پەیوەندی نێوان هۆو ئەنجامەکان، یان پەیوەندی نێوان بنۆس‌و بەربنۆسەکانەوە بوو، کارەکەش – لەدوای سەدەیەك لەمردنی غەزالی – تا ڕادەی هەرەشەکردنی دەسەڵاتداران لەلایەنی شەرعزانەکانەوە لەهەرکەسێك کە بەفێربوون‌و فێرکردن کار لە بواری فەلسەفەدا بکات، کۆتایی پێهات. چونکە فەلسەفە (بنەمای سووکی‌و نەفامی‌و هەڵوەشان‌و شێبوونەوەیە، ماددەو ماکی دۆشدامان‌و گومراییەو، وروژێن‌و دنەدەری لادان‌و باوەڕداریی بەرواڵەتە، ئەوەی لە فەلسەفەدا کار بکات کوێرو نابینایەو چاکیی شەریعەتی پاکژو پشتیوانی لێکراو بەبەڵگەو بیانگە ڕوون‌و دیارەکان‌و سەلماندنە پشت ئەستوورەکان نابینێ‌و، ئەوەی کە بەفێربوون‌و فێرکردن تێکەڵاوی فەلسەفە ببێ، دەبێتە هاوەڵی خەجاڵەتی‌و شەرمەندەیی‌و بێبەشبوون‌و تەریکبوون، شەیتان زەفەری پێدەباو دەستی بەسەردا دەگرێ.......بۆیە لەسەر دەسەڵاتدار پێویستە موسڵمانان لە شەڕو خراپەی ئەو ویستخوازو نەگبەتانە بپارێزێ‌و لە فێرگەکان دەریان بکات‌و دووریان بخاتەوە، سزای سەرقاڵبوون‌و کارکردن لە هونەرەکەیاندا بدات‌و، ئەگەر دەرکەوت هەریەکێك لەوانە بڕوایان بە بیروباوەڕی فەیلەسوفەکان هەیە، با بەشمشێر یان بە ئیسلام ئەمبازیان ببێتەوە، بۆ ئەوەی ئاگرەکەیان خامۆش بکات‌و شوێنەواری ئاگرەکەو هی ئەوانیش بسڕێتەوە).

بەم چەشنەش، گوتاری دینی لەکاتێکدا نەیارەتی لەگەڵ گرنگترین بنەمای ئیسلام (ئەقڵ)دا دەکات، ئەوا بەمەش نەیارەتی لەگەڵ ئیسلامدا دەکات‌و، وا وێنا دەکات کە بەمە (نەقڵ) دادەمەزرێنێ، کە لەڕاستیدا خۆی‌و بنەما مەعریفیەکەشی ڕەتدەکاتەوە. گەڕانەوە بۆ ئیسلام تەنها بەگەڕانەوەی دامەزراندنی ئەقڵ لە هزرو ڕۆشنبیریدا مەیسەر دەکرێ، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەوەی کە گوتاری هاوچەرخی دینی لە ناوبژیوانی کردنی دەقەکاندا داوای دەکات‌و، هەمان بانگەوازی پێشینە ئەمەویەکان دووبارە دەکاتەوە کە بووە مایەی ئەنجامە لۆژیکیەکانی لەواقیعی ئیسلامدا.

ئەگەر بووژانەوەی نوێی ئەوروپا لەسەر ڕزگارکردنی ئەقڵ لەدەسەڵاتی ناوبژیوانیکردن‌و بڕیاردان بە دەقەکان دامەزرابێ، کە کڵێسا ڕاڤەکردن‌و تێگەیشتنیانی قۆرخ کردبوو، شتێکی سروشتی بووە کە ئەو بووژانەوەیە بەڵگەو پشتیوانیەك بۆ ئاراستەکانی خۆی لە ئەقڵانیەتی ئیسلامدا – ئەو ئەقڵانیەتەی کە هەتا لەناوچوون‌و نەمانی گەمارۆدرا – بدۆزێتەوە. ڕەنگە ئەمە ئەوەمان بۆ لێکبداتەوە کە چەمکی (جاهیلیەت) لەگوتاری هاوچەرخی دینیدا دەکشێ‌و درێژدەبێتەوە، هەتا هەموو ئاراستەکانی بیرکردنەوەیەکی ئەقڵیی لەکەلیتووری عەرەبی ئیسلامی یان لە کەلتووری ئەورووپادا، وەکویەك، بگرێتەوە. ئێمە زۆرێك لە گەواهیداریمان بینیوە کە هێرش دەکاتە سەر شەیتانی ئەورووپایی، لەهەموو بەرهەم‌و ئەنجامێکی هزری ئیسلامی دوای سەردەمی سرووش (سەرچاوەی ڕوون)یش دەبینرێ کە لادانێك لە ئیسلام هەیە. (ئەبو ئەعلای مەودودی)یش – کەیەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی سەید قوتب- جاهیلیەت لە سێ ئاراستەدا کۆدەکاتەوە:{ ١-وەرگەڕان. ٢-هاوبەش پەیدا کردن، یان بتپەرستی بەهەموو شێوە کۆن‌و تازەکانیەوە. ٣- مەیل‌و خولیای سۆفیگەری عیرفانی. ئەو پێیوایە کە ئەم سێ ئاراستانە، ڕاستەوخۆ لەدوای سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشیدینەوە دزەیان کردۆتە ناو واقیعی ئیسلامی‌و – بەعەبای ئیسلام خۆیان پەردەپۆش کردووە- و دەستیان کردووە بەوەشاندن‌و پرژاندنی ژەهرو ژار لەناو کەلتووری ئیسلامیدا. پێشیوایە کە کارەکە بە هەڵڕژانی تێکەڵەو ئاوێتەیەك لە فەلسەفەو ئەدەب‌و زانستەکانی گریك‌و هیندو ئێرانی لەخاکی ئیسلامدا کۆتایی هاتووەو، بەمەش ناکۆکی‌و ناتەبایی تیۆریی لەنێوان موسڵماناندا دەستی پێکردووەو، بیروباوەڕی موعتەزیلەو گومانداری‌و کوفرو وەرگەڕانیش سەریانهەڵداوە، پێش ئەمانەش یان لەسەروو ئەمانەشەوە ئاراستەی پەرتبوون‌و ناکۆکی‌و جیاوازی لەبواری بیروباوەڕدا سەریهەڵداوەو، بۆتە مایەی پەیدابوون‌و سەرهەڵدانی گروپ‌و دەستەو ئاراستە نوێیەکان. سەرەڕای ئەمانەش هونەرەکانی سەماو موزیك‌و وێنەکێشان – کە هونەری نائیسلامین – بەهاندانی ئەوانەی کەپێشتر لێیان قەدەغەکراوە بۆئەوەی ئەم هونەرە (دزێوانە) پراکتیزە بکەن، سەریانهەڵداوە}.

ئەم هێرشکردنە بۆ تەکفیرکردنی ئەقڵ‌و ڕەتکردنەوەی جیاوازی‌و فرەیی، کۆن‌و نوێ، وێنەنوێنی بنەمایەك لەو بنەمایانە دەکات کە چەمکی (فەرمانڕەوایەتی)لەسەر دادەمەزرێ. بنەمای دووەمیش کەبنەمایەکی مەترسیدارە، بریتیە لە دانانی ئەو شتانەی کە(مرۆیین) لەبەرابەر ئەو شتانەدا کە (خواوەندین)و بەراوردکردنێکی بەردەوامانەی نێوان میتۆدی خودایی‌و میتۆدەکانی مرۆڤ . شتێکی سروشتیشە کە ئەم بەراوردکاریە ببێتەمایەی نیهلیزمی هەوڵ‌و تەقەلا مرۆییەکان :{هەموو ئەزموونەکانی مرۆڤ لەبازنەیەکی بۆشدا دەخولێنەوەو ئەو بازنەیە تێناپەڕێنن – ئەویش بازنەی وێناکردنی مرۆیی‌و ئەزموونەکانی مرۆڤ و پسپۆڕی‌و شارەزایی مرۆیی تێکەڵکراو بە جەهل‌و کەموکوری‌و لاوازی‌و مەیل‌و ئارەزوو- لەکاتێکدا کە ئەمە پێویستی بە قوتاربوون‌و دەرچوون هەیە لەو بازنە بۆشەداو، پێویستی بەدەستپێکردنی ئەزموونێکی ڕەسەن هەیە، کەلەسەر ڕێسایەکی تەواو جیاواز دادەمەزرێ: ڕێسای میتۆدی خودایی دەرچووو سەرچاوەگرتوو لە زانست‌و زانین (لەجیاتی جەهل)و کامڵی‌و پێگەیشتن(لەجیاتی کەموکوری)و، توانامەندی (لەجیاتی لاوازی)و، حیکمەت‌و داناییش (لەجیاتی مەیل‌و ئارەزوو)... کەلەسەر بنەمای: قوتارکردنی مرۆڤ لەپەرستنی مرۆڤەوە بۆ پەرستنی خودا، تەنها خوداو بەس، دامەزراوە}.

ئەم نمونەی دابڕان‌و جیاکردنەوە تەواوەی نێوان شتە خودایی‌و شتە مرۆییەکان ڕاستیەکی گرنگ‌و جێگیر پشتگوێ دەخات لە سروشتی خودی سرووشی خوداییدا بەوەی کە ئەو سرووشە (دابەزیوە – هاتۆتە خوارەوە)، واتە بەوەی ئەڵقەی پەیوەندی‌و گوتارێکی وەهایە کە بەهۆیەوە خواوەندی‌و مرۆیی بەیەك دەگەن‌و بەیەکەوە پەیوەست‌و پەیوەندار دەبن. بەدەربڕینێکی دی: ئەگەر گوتاری خودایی – کە میتۆدەکەی لە دووتوێ دایەو گرتوویەتیەخۆ- (لەدابەزینیدا) لەگەڵ هەموو زانست‌و زانین‌و تواناو داناییدا، دەستەوداوێنی زمانی مرۆڤ دەبێ، ئەوا ئەقڵی مرۆڤیش لەگەڵ هەموو نەزانی‌و کەموکورتی‌و لاوازی‌و مەیل‌و ئارەزووەکانیدا، (لەڕاڤەکردنیدا) لەگەڵ ئەم گوتارە خوداییەدا پێکگەیشتووە پەیوەندار دەبێ. بەڵام گوتاری دینی خۆی لەم ڕاستیە گەورەیە نەبان‌و نەزان دەکات، – بەهەڵهێنانەوەی هەنگاوەکانی ئەشعەریە پێشینەکەی خۆی- و بەتەرخان‌و تایبەتکردنی هەمان ئایدیۆلۆژیا – لەڕەتکردنەوەو نامۆکردنی مرۆڤ لەواقیع، بەرەخساندنی بواری جڵەوگرتنێکی دەسەڵاتخوازو پاوانخوازانەی شێواز تایبەتیش، هەر ڕێدەکاو مل دەنێ.

بۆئەوەی بۆشایی نێوان شتە خودایی‌و شتە مرۆییەکان قووڵتر بکرێتەوە، دارشتنەوەی چەمکە دینیەکان دووبارە دەکرێنەوە، ئەویش بە سەرلەنوێ ڕاڤەکردنەوەیان، بۆ ئەوەی دوایی هەڵبڕژێنە ناو ئایدیۆلۆژیای (فەرمانڕەوایەتیەوە).

ئەو چەمکانەش کەدووبارە دادەڕێژرێنەوە بریتین لە چەمکەکانی (خواپەرستی، خوایەتی، پەروەردگارو دین)ئەمانەش ئەو چەمکانەن کە (مەودودی) لەنامیلکەیەکی تایبەت‌و سەربەخۆدا بەتەنها ناوی هێناون‌و بۆ چەندین جارولە چەندین وڵاتی ئیسلامیدا چاپکراوەتەوەو، بەلای زۆرێك لەکۆمەڵە ئیسلامیەکانەوە وەکو (مانیفیستۆ – بەیاننامە) یەك وایە. سەید قوتبیش هێندەی نەمابوو ببێتە باسکارو شرۆڤەکاری بیروراکانی مەودودی‌و لێکیانبداتەوە. لێرەشدا ئەوەندەمان بەسە کەلەسەر شرۆڤەکردنی چەمکی (خوایەتی) بوەستینەوە، بەوەی کەچەمکێکی ناوەندیەو هەرسێ چەمکەکانی دیکەش بەدەوری ئەم چەمکەدا گێرو خول دەخۆن‌و تەوەرو جیلوە دەبەستن. سەید قوتب (فەرمانڕەوایەتی) یان (مافی فەرمانڕەوایەتی ڕەها)بەگرنگترین تایبەتمەندیەکان – هەڵبەت بە بەیەکەمین تایبەتمەندیەکانی – خوایەتی دادەنێ، کە مافی یاسادانانی بۆ بەندەکانی خواو مافی دانانی ڕچەو میتۆدی ژیانیان‌و، مافی دانانی ئەو بەهایانەی هەیە کە ئەم ژیانەیان لەسەر پایەگیر دەبێ ....... وە هەرکەسێك بانگەشەی مافی دانانی میتۆدێك بۆ ژیانی کۆمەڵێك لەخەڵك بکات، ئەوا بانگەشەی مافی خوایەتی بەسەریاندا دەکات، ئەوانەش کە بڕیار لەسەر بانگەشەکەی دەدەن‌و پێی قایل دەبن، ئەوا بە دان پێداهێنان بۆی کە گەورەترین تایبەتمەندی خوایەتی هەیەو، هاوشانی خوای تاك‌و تەنیا، دەیکەنە خودای خۆیان).

میتۆدی ئیسلامیش لەم بارەیەوە ئەو میتۆدەیە کە (تەنها خوای تاك‌و تەنیا خەسڵەتی خوایەتی هەیە – کە لە فەرمانڕەوایەتیدا خۆ دەنوێنێ – و ژیانی واقیعییش بەهەموو وردو درشتەکانی ڕۆژانەو ڕۆژگارەوە ڕێکدەخات). ملکەچ نەکردنیش بۆ فەرمانڕەوایەتی، بەو پێیەی کە گەورەترین تایبەتمەندیەکانی خوایەتیە، واتای یاخیبوون دەبەخشێ لەبەندایەتی کردنی مرۆڤ بۆ خودا، یاخیبوونێکە کە دەیخاتە ناو جوگزی بەندایەتی کردن بۆ مرۆڤ، ئەمەش هەروەك سەید قوتب پێیوایەو ڕاڤەی خۆی‌و – ڕاڤەی مەودودی‌و ئیسلامیشی پێ یەکدەخات، گەورەترین کۆیلایەتیە لەڕوانگەی ئیسلامەوە.

# ناموس پارێزی

نوسینی: بەهزاد غانم نزام- شێخانی
وەرگێڕانی: مامۆستا تارق حسێن

هەر لە زەمەنی جەنگ‌و ئاشتیداو هەر لە ماوەی لە دایك بونەوە تاوەکو مردن، دیاردەی سوکایەتی پێکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە جیهان بەشێوەیەکی گشتی دیاردەیەکە بە کار دەهێندرێ دژ بە ژن.

لە ناو کۆمەڵگاو خێزان‌و دەوڵەتدا بۆچی ژن دوچاری پەرت پەرت بوون بۆتەوە؟ ئەرکی ئێمە چیە تا کەمێ لە ئازارەکانی کەم بکەینەوە؟ لە بەر ئەنجامی توێژینەوەکانی یاسایی نێودەوڵەتیداو بەتایبەتی ئەو بڕگانەی پەیوەندی دارن بە مافەکانی مرۆڤەوە لەگەڵ بونی تێبینیەکانمان سەبارەت بەو لایانانەی کە پەیوەست بە ئازادیەکانی تاکەوە لە دیارترین لایەنەکانی ژیان، چەمکی (تاك) بەو مانایەی کە هیچ جیاوازیەك نییە لە نێوان ژن‌و پیاو کورو کچی گەنجدا پێویستە هەر یەك لە ئێمە ئەو ڕاستیە باش بزانین لەوە تێبگەین کە مرۆڤ هەر مرۆڤەو پێویستە هەموو ئەو سوکایەتی‌و توندو تیژیانەی دژ بە ژن دەکرێ لە ڕەگ‌و ڕیشەوە دەربکێشین.

ئەوەی یارمەتیمان دەدات بۆ توێژینەوە کردن لە سەر چۆنیەتی مامەڵە کردن لەسەر ئەو قەزیەو وە بەخشینی مافی ژن، پشت بەستنە بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ناوچەکەدا لە پێناوی هاندانی ژن بۆ بەشداری پێکردنی لە دیارترین بوارەکانی ژیان‌و سوربون لە سەر خواستەکانیان تا قۆناغی دڵنیابون‌و بە دەستوری کردنی مافەکانیان‌و دروست کردنی گوشار لەسەر دەسەڵات‌و پارێزگاری لێکردنیان، بەتایبەتی نوێنەرایەتی کردنیان لە دادگادا بە ئامانجی مامەڵە کردنێکی جدی لەگەڵ کێشەکانیاندا ئەوەش مافێکی خۆیانە کە بە ئازادی‌و بەڕێزەوە ژیان بگوزەرێن‌و مافە ڕاستە قینەکانیان بەرجەستە بکەن دوور لە چەوسانەوە بەناوی دەستورەوە.

من لێرەدا قسە لەسەر دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەم نەوەك دامەزراوەکانی تر چونکە دەبیندرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان مافێکی زۆری بەخشیوە بە ژن تاوەکو بەشداری بکا لە حکومەت‌و پەرلەمان‌و دیارترین دامەزراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتدا، بەڵام دەبێ ئەرکی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی توێژینەوەیەکی وردبێ لەسەر بارو دۆخەکەو وە کۆشان بێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا لە پێناوی مامەڵە کردنێکی دروست لەگەڵ ژیانداو دان پێدانان بە مافەکانیان‌و حیسابکردنیان وەك نیوەی کۆمەڵگا بە ئومێدی کەم کردنەوەی سوکایەتی پێکردنەکانیان‌و بەرجەستە کردنی مافە ڕەوا ڕاستە قینەکانیان، یەکێك لەو بابەتە گرنگانەی هەرێم بریتیە لە ئەنجام دانی کردەی توندو تیژی دژ بە ژن بەتایبەتی ئەو کردەوەیە لەو دوادوایانەدا ڕو لە هەڵکشان چووە ئەوەی لەو پرسیارانەوە دەوروژێت ئەوەیە کە دەڵێن ئایە ئەو سوکایەتیانەی کە لە پێشودا باس کران یاساین یان نا؟ ئایە لۆژیکین یان نا؟ بەر لەوەی بچینە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە پێویستە وێنەیەکی پوختە کراوی قەزیەکە یان پێناسەیەکی ئاسان سەبارەت بەو بابەتە بکەین.

ژن دەکوژرێت لە کۆمەڵگاکەماندا لە پێناو بەدەست خستنی پارەو سامان، ژن دەکوژرێت لە پێناو تۆڵە سەندنەوە، ژن دەکوژرێت لە پێناو پاراستنی ناموس، ژن دەکوژرێت لە پێناو هۆکاری سیکسی (جنسی)، (غسل العار) واتا ناموس پارێزی:- کردارێکە لە دابونەریتە کۆنەکانەوە جێ بەجێ دەکرێت لە پێناو پاراستنی ناموسی خێزان یان خێل لە نێوان کۆمەڵگاکاندا.

ئەم کردەوەیە لە لایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێت دژ بەو ژنانەی کە کەس‌و نزیکی ئەوانن‌و بەبۆچونی ئەوان سوکایەتیان بە ناموس‌و کەرامەتی خێزانەکانیان کردووەو ئەو ژنانە تەجاوزی داب‌و نەریتیان کردووە.

هۆکاری ئەنجام دانی ئەو کردەوانە لەدیدی ئێمەوە دەگەڕێتەوە بۆ:

١_کاریگەریەکانی ئاین.
٢_زوو بەشودان.
٣_ گوشاری خێزانی لەسەر کچەکانیان بەمەبەستی هەڵبژاردنی هاوسەر.
٤_هەژاری.
٥_کەمی هۆشیاری ئاینی‌و(ئیداری) بەڕێوەبەرایەتی.
٦_بەخشینی ئازادی زیاتر(زێدەڕەوی) بەکچان لەهەڵسوکەوتی خێزانیدا.
-٧داواکاری زۆری مارەیی لەلایەن باوکانەوە.
٨_نەبونی ڕۆشنبیری جنسی(سێکسی).
٩_بوونی چەوساندنەوەیەکی زۆری ژن لەناوکۆمەڵگادا.
١٠_کێشەکانی خێزان.

بەشی زۆری خەڵکی گلەیی ئەوە لەدەسەڵات دەکەن کەژمارەی زیادبوونی تاوان‌و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ئەنجامدانی دەرهەق بەژن لەپەرەسەندندایە وە یاسایەك نیە بەشێوەیەکی جددی بەر بەوکارە بگرێ. (محسوبیەت‌و عەقلی خێڵگەرایی) باڵاترن لە یاسا، ئایا ئەو هۆکارانەی باسمان لێوە کردن تێکرا هۆکاری دەسەڵات بوون؟ دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هەناوی خۆمان بڵێین بەڵێ بەشێك لەو گلەییانە بۆ دەسەڵاتن بەڵام بەپلەی یەکەم کۆمەڵگە ئەو لێپرسراویەتی یەی لە ئەستۆدایەو کەمی هۆشیاری وایکردووە هەزمی ئەو بارودۆخە بکەین‌و بگەڕێینەوە بۆ دواوە زیاتر لەوەی دەمانەوێ هەنگاوی بۆ هەڵبهێنین.

سەرچاوە: مجلە (الصوت الاخرە)
ژمارە: ١٥١ لاپەرە ٤٩

